کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
18-6-2007 18:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێشنیازێک بۆ کاک دلێر جەلال باداوە "ئەوەی مرۆڤ دەربدەبڕێ دەرهاویشتەی ناخیەتی." ... ڕیبوار موحەممەد یار

Rebwarmyar@yahoo. com

بەداخەوە کە دەبینم گەنجێکی وەك تۆ ئەمە دەرەوەی بێت کەلە نوسینەکەتدا دیارە! چونکە ناخێکی لێدەخوێنرێتەوە کە بەتەواوی داهاتوویەکی ڕەش بینی لێ چاوەڕێ دەکرێ. ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە تۆ مرۆڤیچکی سلبی لە ژیان و مامەڵەت دا لەگەڵ خۆت و غەیری خۆتدا.
سەرەتا پێم سەیرە کەوا جە نابت بێ ئاگایت تەنانەت لەو خێزانەی تێیدا بوویت و لەو باداوەی لێی بوویت و لەو کۆمەلگایەش تێیدا ژیاویت. تۆ بێ ئاگایت کە بەڵێ زۆربەی هەرەزۆری کورد موسوڵمانە و شناسی ئاینی ئیسلام لە سەروو هەموو سەروەریە کانیەوەیەتی. دەگونجێ تۆ جیاواز بیت لە خێزانەکەت و کۆمەڵگاکەت. ئینگلیزیش دەڵیت:

There is always a black sheep

بەڕێز دیارە جەنابت کێشەت هەیە نەك لەگەل مەلا صلاح الدین یا خود یەکگرتوو دا، بەلکو لەگەل خودی ئیسلامدا. سە رەتا باش بزانە ئیسلام ئیسلامی مرۆڤایەتیە. سەیرکە مرۆڤە ژیرەکان جۆن وەسفی ئیسلام دەکەن:

Yuome Ridley a British Convert to Islam says: "Islam transcends nationalities ،borders ،countries ، cultures ،and it transcends everything"

خاتوو یوم ریدلی بەریتانیەکی موسولمان بووە دەلێ:"ئیسلام لە نیوان نەتەوەکان و سنورەکان و دەوڵەتەکان و کەلتورەکاندا سنورێك ناناسیت، ڕاستیەکەی لەبەردەم ئیسلامدا سنورێك بونی نیە. "
بۆ ئەوی باشتر حالی بیت کە ئیسلام دینی جیهانە نەك ەرەب، قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:" و ما ارسلناك صلا کافە للناس بشیرا و نذیرا... "
ئیدی ئیسلام نە دینی عەرەبەو نە دینی نەتەوەو کات و شوێنیکی دیاریکراوە. بەلکو دینی هەموو جیهان و مرۆڤایەتیە. ئەمە واقیەو تەنها ئەوانەی بو غزیان هەیە بەرامبەر بە ئیسلام دانی پیانانێن.
ئەوانەش کە بو غزیان هەیە بەرامبەر بە ئیسلام لە دەرەنجامی ئەوەیە کە ئیسلام ڕێگری دەکات لە:

1. بێ ئەلاقی لە شەرەفدا.
2. بێ ئەلاقی لە مامەڵەدا.
3. بێ ئەلاقی لە فکردا.
4. بێ ئەلاقی لە ئینسانی بووندا، هتد.

بۆیە ئەوانەی لەم لایەنانەوە ڕێگریان بۆ دروست دە بیت لەلایەن ئیسلامەوە، بەو جۆرە قین لە دڵی یە بیر دەکەنەوە و دێنە ئاخافتن و ڕەفتار دەنوینن.
حەزدەکەم وا بیر نەکەیتەوە، چونکە بەم بیرکردنەوەیەت جگە لەوەی لە ئێستادا دوودڵی بۆ دروست کردوویت و لەگە ڵ ناخیشدا کێشە، دوا جاریش بە زەرەرت کۆتایی پێ دێت.
دەشێت باش بزانیت کە ئەوە لە ژێر ئالای (اللە اکبر) دا نە بوو کورد زوڵمی لێکرا، بەڵکو لە ژێر ئالای عەلمانی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی صەددامی عەفلەقی دابوو. باش بزانە کوشتن و زیندە بەچاڵ کردن و کاولکاری و شێواندنی جوگرافیا و لێسەندنەوەی مافی بە کارهێنانی زمانی خودا پێداو لە هەر میللە تێکشتانێکن لە ئیسلامدا جێگایان نا بیتەوە و ئیسلام دژی دەوەستیتەوە. ئەوەتا خودای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆشەویست لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرمووێت: **( يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما فلا تظالموا...)** ئەمەیە پەیامی ئیسلام و ئەوەیشی دژی کورد کراوە لەدەرەوەی بازنەی پەیامی مرۆڤ دۆستی ئیسلامەوەیە.

ئێستاش کە جەنابت ئەوەندە قین لە دڵی بەرامبەر بە شوناسی ئاینی خێزانەکەت و کۆمەڵگاکەت، و هەنگڵ هەنگڵ ناخت پڕ لە قین بووە، دوا جار لەو پەڕی دڵسۆزی خۆمەوە پێشنیازت بۆ دەکەم کە بارگەت بپێچیتەوە ئەم وڵاتە جێ بێڵیت کە وڵاتی مسولمان نشینانە و دینی ئیسلام بە گەورەیی خۆی، پیرۆزی و ویژدان و ئینسان دۆستی پێ بەخشیوە.

دیارە تۆش لەبەر یەکێك یان زیاتر لە خالانەی باسکران، بو غزت بەرامبەر بە ئیسلام لە دڵدا هەڵئاخنراوە. دوا جاریش بە سەر هە ڵگرتن و نیشتنەوەت لە یە کێك لەو وڵاتانی کە غەیری موسولمان تیایدا دەژین، دە توانیت ئەوەی لێرە ئیسلام ڕێگری لێ کردوویت (لە چوار خاڵەکەو هەر شتێکی تری هاوشێوە) ، لەوێ تا سنوری بەرەڵایی ئازاد بیت لە ئەنجام دانیدا. ئیدی پێویستیش ناکات وەك شوتی زیاد گەیوو لێرە خۆت بخۆیتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.